

ناوەندی ڕەها
زامدار قادری
موریدی حەزرەتی
پەروانەم

Avan - B-Om

-nurse-

موریدی حەزرەتی

پەروانەم

ناوەندی ڕەها
بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

بەڕێوەبەری گشتیی
ناوەند: زامدار قادری

بەڕێوەبەری چاپ و
بڵاوکردنەوە: ئەیاد نادر

هەولێر، بازاڕی ڕۆشنبیری، تەنیشت پارێزگا
+964 750 406 6674
Nawandi Raha / ناوەندی ڕەها

ناوەندی ڕەها
بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

موریدی حەزرەتی پەروانەم

ئامادەکردن و وەرگێڕانی

زامدار قادری

چاپی یەکەم | ٢٠٢٠

ناوەندی ڕەها
بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

ژمارەی بڵاوکراوە: ٥٥

ناوی کتێب: موریدی حەزرەتی پەروانەم

ئامادەکردن و وەرگێڕانی: زامدار قادری

دیزاینی ناوەوە: ئەیاد نادر

دیزاینی بەرگ: بەسام مەحمود

ساڵی چاپ: چاپی یەکەم (٢٠٢٠)

تیراژ: ١٠٠٠ دانە

لە بەڕێوەبەرایەتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە سپاردنی (٤٤٥)ـی ساڵی ٢٠٢٠ـی پێدراوە.



Description

بسم الله الرحمن الرحيم

🤍چەناڵێک تایبەت بە کتێب و بابەتی جیاواز🤍

ئەم کتێبە لەلایەن { ئاڤان بەهجەت }
کراوە بە دیاری بۆ خوێنەران

چەناڵ
https://t.me/tanyahaji7

t.me/tanyahaji7

Invite Link

پێش چوونە ژوور

حەوت دەلاقەی ئیمانیی بۆ ئەو دڵانەی پەرۆشی دیدارن.

* ڕۆژانە بە بەردەمماڵی خەیاڵمدا پیاسە دەکەیت.

هەمیشە حەز دەکەم پێت بڵێم:

بوەستە ئازیز!

قسەیەکم بۆ گوتن هەیە.

نیگایەکم بۆ بینین هەیە.

کەچی دڵبەر.

نە تۆ -بێ فەرموو- دێیتە پێش؛

نە من شەرمی -فەرموو-م دەشکێ!

* پەنجەرەی پرسیار بەسەر باخی بیرەوەرییت بکەرەوە و

بۆنی گوڵەکانی تێفکرین، بە هەموو وجوودتا پەرشوبڵاوکە.

بە پەنجەی هەست و هۆشمەندییت تەمی ئاوێنەی خەیاڵت

پاکژکەوە و، لێی بنووسە:

سروشت کتێبی داناییە و، هەر کەس بە دڵ موتاڵایکا،

هەم مانا و مەعریفەت، هەم مرۆڤبوون و حەقیقەت،

چەشنی چرا بۆ زیندەگیی، لە ڕۆحیدا دەدرەوشێنەوە.

* هەموو ئەو مەزنەمرۆڤانەی لە مێژوودا دەرکەوتوون و، کاریگەرییان بەسەر کۆمەڵگای خۆیان و مرۆڤایەتییەوە هەبووە و، شوێندەست و بیروباوەڕیان لە واقیعدا دیاربووە،

هۆکارەکەی لەبەر دوو شتی سەرەکی بووە:

یەکەم/

پەیام و بیر و بەرنامەیەکی مرۆیی باڵایان هەبووە و، خۆشیان نموونەی پەیامەکانیان بوونە.

دووەم/ نەترس و نەبەز و نەبەرد بوونە لە گەیاندنی پەیامەکانیان و، ڕووبەڕووبوونەوەی هەر تەنگوچەڵەمە و هەر ستەم و

ستەمکارانێك، بە تایبەتی کە ڕێگر بوو بن لەبەردەم خودی پەیامە مەزنەکە و، بەگشتیی ماف و ئازادییە ڕەواکانی مرۆڤ.

* کەسێك کە زووتر بڕیاری هەڵەبوونی پەیام و بیر و بەرنامەی تۆی داوە، دانایی نییە ڕووبەڕوو گفتوگۆی لەگەڵ بکەیت!

چاکتر وایە، ناڕاستەوخۆ و وردە وردە و بە پلەبەندی،

خاڵ و بەند و بنەما سەرەکییەکانی بیرکردنەوە و دیدگای خۆتی پێ ئاشنا بکەیت.

* وەختێ تۆ خاوەن بیرکردنەوەیەکی تایبەتی و، کۆمەڵگاش لە ئاست ئەو بیرکردنەوەیەت نییە و، هاوڕێ و هاوڕا و هاوڕازێکت نییە تێت بگات و لە زمانی دڵ و فیکرت حاڵیی بێت، ئیتر تەنیا دەمێنیتەوە لە کۆمەڵگادا و کەسێك شك نابەیت هاوبۆچوون و بیرکردنەوەت بێت.

ئەوەدەمە تۆ تەنانەت لە کۆمەڵگای خۆت و لەناو هاوزمانانی خۆت و لەناو خانەوادەکەی خۆشتدا هەر تەنیایت.

ئاخر ئاشنایی ئەوەندەی پەیوەندیی بە هاوڕاییەوە هەیە،

ئەوەندە پەیوەندیی بە پێکەوەبوونی جەستەییەوە نییە!

* بۆ ڕزگارکردنی دڵی بەرانبەرەکەت و، خستنەسەر ڕێگای ڕاستیی و پتەوکردنی کەسایەتی و بنبڕکردنی ڕەوشتی ناپەسەند تیایدا، لەسەرەتاوە:

گوێ بەلاساریی و ژێرفەرمان نەبوونەکانی ئەو مەدە و،

وەها زوو بێ هیوا و دڵزویر مەبە.

هەمیشە ئەوەت لەبیر بێت، کە تۆ چەشنی فریادڕەس و ڕێنموونیکار لە خزمەتی ئەو دایت، نەك زۆرانبازێك لە پێشبڕکێی بردنەوە و بەزاندنی ئەودا.

* ئەوەی ڕێبواری ڕێی مەعنەوییەتە و وەها بڕیاریداوە ماهییەتی حەقایق و ئەسراڕی قەلبیی ببیستێ و ببینێ و تێفکرێ و چێژ بکات، دەبێ نە تەنیا گلەیی لە خۆی بنبڕ و بە کۆتا بهێنێت، نە تەنیا بەزمان وشە و دەنگ لە خۆیدا کپ بکات،

بەڵکو ناخ و دڵ و گیان و خەیاڵ و هەست و نەست و تەواو زەڕڕاتی وجوودیشی بێدەنگ بکات و سەراپایان بکاتە گوێ بۆ بیستنی حەقیقەتە پەی پێنەبراوە ئیلاهییەکان.

وەی چەندە سەختە ئەم چەشنە ڕێبوارییە و، چەندەش کەمن ژمارەیان، خودا!

* بهێڵە شتێکی خۆشت پێبڵێم،

خۆش، مەبەستم هی ناخمە. ناخێک کە ئەگەر خاوەنەکەی نەیهەوێ کەس ناتوانێ سەر بە ژووورە تایبەتییەکانی ناوی بکات و، پەی بە نهێنییەکانی نێو خەزنە گەوهەرییەنەکانی ببات. ئەو نهێنییانەی لەگەڵ زەمەن و ئەزموون دۆستایەتییەکی گیانی بە گیانییان هەیە و، چەشنی سەرمایە و کاڵایەکی گرانبەهای مەعنەویی هەژمار دەکرێن.

دەمەوێ بڵێم: مرۆڤ ئەو مەخلووقە شکۆمەندەیە، کە بە ئاسان پێناسەی ناکرێت. ئەو تەنانەت دوای ئەو هەموو هەزار ساڵە لە تەمەنیشی، هێشتا هەر پەیی بە نهێنییەکانی وجوودی خۆی نەبردووە و، ئەسڵەن هەموو تواناکانیشی نەک هەر بەکارنەبردووە، بەڵکو نەشیدۆزیوەتەوە.

دەمەوێ پێت بڵێم: لەبیرتە کە تۆ مرۆڤی؟

بمبوورە بە خراپ تێمەگە، پرسیارەکەم بۆ ئەوە نییە لەوەڵامدا بڵێی: بۆ مەگەر ئاژەڵم! یان دار و درەختم!؟

نا مەبەستم ئەوە نییە. ئەگەرچیی ئاژەڵان، ئاسمان و زەویی و ئاو و دار و درەخت و سەوزایی و باڵندەکانیش، هەر مەخلووقی خێرمەند و زەروورن بۆ ژیان و دونیا.

بەڵام تۆ مرۆڤی.

مرۆڤ بەو مانایەی کە مەخلووقە شکۆمەند و سەنگینەکەی وجوودە و، بەرپرسیارە لە بەڕێوەبردنی دونیا و ژیان و کۆمەڵگای مرۆڤایەتیی

بەرپرسیارێتییەک، کە دەبێ هەم دونیا و ژیان بە جوانی و سەلامەتیی بهێڵێتەوە. هەم تەبایی لە ماڵی مرۆڤ نەشێوێنێ و ئارامییان تێک نەدات.

ئێستا زانیت دەمەوێ چیی بڵێم؟ زانیت بۆچی پرسیار دەکەم کە ئایا لە بیرتە مرۆڤی؟

ئاخر مرۆڤ یانێ ئەو مەخلووقەی دەبێ بژیێنێتەوە، نەک بمرێنێ و بکوژێ.

یەعنی ئەو مەخلووقەی دەبێ دونیا ئاوەدان بکاتەوە، نەک کاولی بکات.

دەبێ ژیان خۆشکات، نەک بیکاتە مەیدانی جەنگ و ئاشووب.

دەبێ وانەی عەشق و تەبایی بڵێتەوە، نەک کتێبی مرۆڤبوون و ئاکار و ئازادیی بدڕێنێ.

مرۆڤ، دەبێ ناسنامەی جوانی و ئەوین و ئارامیی بێت، نەک ئاشووب و ئاژاوە.

ئەو دەبێ گۆرانیی لەسەر زار بێت، نەک جنێو.

ئەو دەبێ پایسکلسوار بێت، نەک فڕۆکەوان.

ئەو دەبێ بیربکاتەوە، نەک سەنگەر دروست بکات.

ئا بەڵێ، ئەو دەبێ کتێبی لەدەست بێت، نەک تفەنگ.

ئەو دەبێ مرۆڤ بێت، نەک بکوژ.

ئەو دەبێ دیارییبەخشی میوەی مەحەببەت بێ، نەک گوژاڵکفرۆشی ڕق و کین.

تۆ لەبیرتە کە مرۆڤی؟

ئێستا زانیت بۆ دەبێ لەبیرت بێ کە مرۆڤی؟

زانیت مرۆڤبوون یەعنی چیی و کێ؟

زانیت کە مرۆڤ، بە دڵ و عەقڵ و ئیمان و ئاکار و ئیرادەو، ئازادیی و، ئەوین و، ئارامیی، لەمەخلووقانی تر جیاوازە؟

زانییت کە بە گوفتاری حەلیمانە و، ڕەفتاری حەکیمانەی لە باقیی مەخلووقات جودایە و، دەبێ جودا بێت؟



مقەوەلی کوڕی عەبدولعەزیزی بەدەوی دەڵێ: سەیرم لە ئەویندارانی ڕێگای حەق دێتن، کە لەسەردەمی "هاڕونە ڕەشید" دا، لەناو لەشکر و سوپای موسڵمانانندا ناوی ٢٠ هەزار سەربازی تۆمارکراو هەبوو، کە هیچ مووچەیەکیان وەرنەدەگرت.

پرسیاریان لێ کرد: باشە قوربان بۆچی هیچ مووچەیان نەبوو؟

بە گریانەوە وەڵامی دایەوە: ئەوان بۆیە ناویان بۆ مووچە نەنووسیبوو، تا کەس نەیانناسێتەوە، جگە لە پەروەردگار نەبێت. لە شەڕیشدا هەموو کات دەمامکیان دەپۆشی.

(سير أعلام النبلاء، ٦/ ٣٥٦)



کەسی خەڵوەتنشین هیچ باکی بە تەماشا و دیدەنی نییە. لە کاتێکیش کوچە و کۆڵانەکانی دۆست هەن، ئیدی چ ئیحتیاجی بیابان و سارا نین.

(حافزی شیرازی)



عاریف و سۆفی مەجزوب جەنابی شێخ "عەبدولڕەحمانی قادری" هەرکات دەچوویە دوکانەکەی (بسم الله)ی دەکرد و دوکانەکەی دەکردەوە. پاشان بەسەردەستی جلەکانی خۆی، قاپی تەرازووی

دوکانەکەی پاکدەکردەوە و هەموو تۆز و غوبارەکەی سەری لادەبرد.

پرسیاریان کرد: جەنابی شێخ بۆچی وا دەکەی؟

شێخ گوتی: زۆر دەترسم لەوەی تۆز و غوباری ئەو ڕێگایەی کەوتبێتە سەری و منیش لەگەڵ ئازووقەکاندا بۆ خەڵکی بیکێشم.

گوتیان: قوربان خۆ ئەوە مسقاڵێکیش نابێ و کەم بایەخە!

شێخ گوتی: ئەوەی من پەیمانی عیشقم لەگەڵیدا بەستووە، پەروەردگارە. سەبارەت بە مەزنی ئەو، سەرپێچییەکی بچووکیش، گەورەترین هەڵەیە.

(الرجال التصوف، ٤١٥)



لەم ڕێیەدا ئەستەمە ئەستەم، هاوەڵیی تۆم پێبکرێت.

جا ئیدی لەمەولا دەبمە هاوڕێی تۆزی ڕێت.

(عەتاری نەیشابووری)



"عەدی کوڕی حاتەم"یان بینی هورتکە نانی لەدەست بوو. پرسیاریان لێی کرد: ئەو هورتکە نانانە چی لێ دەکەیت؟

گوتی: وەڵا ئەوانە دەبەمەوە بۆ ماڵەوە و لەبەردەم کونی شانەمێرووڵەکان دایدەنێم.

گوتیان: جا بۆچی لەبەردەمیان دادەنێیت؟

گوتی: ئەی نازانن ئەوان لە ماڵی مندا خانۆچکەیان کردووە و میوانی منن. ئەی یارمەتیدانی دراوسێ واجبی فەرزییە.

شەرم دەکەم بەیانی پێم بڵێین: عەدی بەرانبەر دراوسێکانیدا خراپە.

(الشعب الأيمان، ٣/ ٤٥١)



غەنیمەت و دەسکەوتێکی گەورە ئەوەیە: هیچ کەسێک نەتناسێت و، کەسیشت بەدواوە نەبێت!

(بیشری کوڕی حارس)



گوتیانە "سوفیانی سەوری" باشە مرۆڤی ئیماندار شەیتان دەتوانێ فێڵی لێ بکات و لێی بیباتەوە؟

گوتی: بەڵێ دەتوانێت، بەڵام ئەگەر دوێنێ شەیتان توانی بەسەرمدا زاڵ بێت و گرەوەکەم لێ بباتەوە، ئەوا ئەورۆ منیش بە تەوبە و خواپەرستیم، پشتی دەشکێنم و لە عەردی دەکوتم!

(تاريخ دمشق، ٧/ ١٦٦)



هەر کەس لەم دونیایەدا بەهۆی عیشقێکەوە زیندوو نییە، ئەوا
من فتوا دەدەم کە فاتیحەی بۆ بخوێنن و نوێژی لەسەر بکەن.

(حافزی شیرازی)



به شێتێکیان گوت: تۆ شێتتری، یان فلانە شێتی برادەرت؟

گوتی: نا، ئەو شێتترە.

گوتیان: بۆچی ئەو شێتترە؟

گوتی: ئاخر ئەمڕۆ نوێژی نیوەڕۆ و عەسرم بە جەماعەت کرد. کەچی ئەم نە بە جەماعەت نوێژەکەی کرد، نە بە تەنیاش!

(البداية والنهاية، ٣١٥/٧)



ئەوە تۆی کە لە هەموو شتێکدا دەتبینم.

ئەوە تۆی گشت جێگاکان مولکی تۆن، کەچی خۆت جێگایە کیشت نییە.

(حەلاج)



ڕۆژێکیان بۆنخۆشی گوڵشەنی عاریفان جەنابی"قاسمی کوڕی موحەممەد" ڕووی لە موریدەکانی کرد و، گوتی: ڕۆڵەکانم ڕێزی خۆتان خۆتان بیگرن.

موریدەکانی ئەو قسەیەی ئەویان زۆر لەلا سەیر بوو، گوتیان: قوربان زانیومانە چۆن خەڵکی ڕێزمان دەگرن، بەڵام خۆمان چۆن ڕێز لە خۆمان بگرین.

شێخ گوتی: یەکێك لە نیشانەکانی ڕێزگرتن لە خۆت ئەوەیە: کە دەربارەی ئەو شتانەی لێی نازانی، قسە نەکەیت!

(سير أعلام النبلاء، ١٦/ ٤١)



فەرمووت نەزەر خەتایە

ئەی تۆ دڵ دەبەیت ڕەوایە!

(سەعدی شیرازی)



(ئەبو موسلیمی فارسی) ناوبانگی حەزرەتی شێخ (ئەبولحەسەنی ئەبولخەیر)ی بیستبوو، کە سۆفییەکی هەژارە. بۆیە بڕیاریدا بچێتە سەردانی و لە نزیکەوە ئاشنایی ببێت.

کاتێ چوویە لای، بینی شێخ ئەبولحەسەن لەسەر جێخەوەکەی ڕاکشاوە و عەبایەکی زۆرگران بەهایی لەبەرە، لە دڵی خۆیدا گوتی: ئەوە کەی هەژارە؟ وا خەڵک ئەو هەمووە قسەیی لەبارەیەوە دەکەن!

شێخ ئەبولحەسەن ڕووی تێکرد و گوتی: ئەبو موسلیم لە کام دیوانی پەروەردگار نووسراوە، کەسێک دڵی هەمیشە بە سەیرکردنی پەروەرێنی وەستاو بێت، ئینجا ناوی هەژاری لێ بنێن! کەسێک لەگەڵ پەروەرێنی هەمیشە گفتوگۆ دابێت حەق نییە هەرگیز هەژار بێت.

ئەبو موسلیم یەکسەر دەستی بەگریان کرد و دەستی شێخ ئەبولحەسەنی ماچ کرد.

(کشف المحجوب، ١٨٠)



له کۆتایدا،

ئارامگەی هەرکەسێک، مشتێ خاکە.

(حافزی شیرازی)



یەکێ لە موریدان دەڵێ: لەگەڵ شێخ (ئەبوحەسەنی نورەددین) بووم لە سەفەرێکدا، شەومان بەسەردا هات، جێگامان داخست.

بینیم شێخ ئەبوحەسەن هەڵگێر و وەرگێڕ دەبوو خەوی لێ نەدەکەوت. گوتم: قوربان بۆچی ناخەویت؟

گوتی: هیچ نییە، بخەوە.

گوتم: قوربان لەبەر نەخۆشی و هیلاکی خەوت لیٚ ناکەویٚت؟

گوتی: ڕۆڵە، سویٚند بەخوا لەترسی پەروەردگار دەترسم بخەوم، ئەگەر لەقیامەت گوتی ئەبولحەسەن لەبەر هیلاکی خەوتی و شەونویٚژت نەکرد، چی وەڵام دەمەوە؟

(الرجال التصوف، ٤١٢)



ئەی پەروەرێنی من، خۆشت بوێم، لەیادم نەکەیت.

خۆت دەزانیت لە غەیری تۆ کەسێکم نییە.

لە تۆ زیاتر هیچ کەسێکم ناوێت.

(حەلاج)



یەکێ لە عاریفان هەموو دەم خەندە بەسەر لێوانیەوە بوو، پرسیاریان لێ کرد: قوربان هەمیشە خەندە لەسەر لێوەکانتە؟

عاریفی شیرین بزەیەکی کرد و، گوتی: من چارۆگی خۆم توند گرێ داوە.

لەو قسەیی حاڵی نەبوون و گوتیان: چۆن؟

گوتی: جارێک بە کەشییەک سەفەرم کرد، لە ڕێگادا باو بارانێکی زۆر بەخوورەم دەستی پێکرد، زۆر ترسام لەوەی نقوم بین، لەوساتەدا گەنجێکی باڵا کورت هاتە تەنیشتمەوە و گوتی: مامە گیان مەترسە، چارۆگەکانم زۆر بەتوندی گرێ داوە و، لەنگەری کەشتیەکەشم بەیەکسانی هێشتوەتەوە، پێش ئەوەی بارانەکە ببارێت توند کارەکانم ئەنجام داوە و، ئامادەکاریم بۆی کردووە. لەو کاتە زانیم منیش دەبێ پێش هەر باوبارانێک ئامادەکاری بکەم، ئەوەتا نەمهێشتووە هەرگیز ئەوەی بەلامدا تێپەڕ بێت بەنێوچەوانە تووڕەکەم بێتاقەتی بکەم، شەوانیش بەوپەڕی گریانەوە لەبەردەم پەروەرێنی خۆمدا چۆکم داداوە. کەوایە ئێستا ئەوەی بەمن بکرێت گرێدانی چارۆگی نەفسی خۆمە.

(احوال الرجال الله، ٢/ ٢٥٤)



مەولای من ئەگەر بە تاعەت و خواپەرستی بەهەشتم
پێدەبەخشیت، ئەوە بەخشین نییە پەروەرێنی من!
بەڵکو ئەو کاتە بەخشینە کە بەو هەموو گوناهەوە تۆ لێم خۆش
بیت، ئەوەیان بەخشینە.

(خەیام)



جارێکیان حەزرەتی (ئیبراهیمی کوڕی ئەدهەم) بە جلێکی سۆفیانەوە، هاتبوو بۆ هەواڵپرسین و زیارەت و دیدەنی حەزرەتی (ئەبو حەنیفە). قوتابییەکانی کە بەو جلە شڕە سۆفیانە بینیان، بەبێ بایەخییەوە بەخێرهاتنیان کرد. کاتێ نزیکبوویەوە لە ئەبو

حەنیفە، خێرا ئەبو حەنیفە هەڵسایەوە و گوتی: ئەوە گەورە و سەیدمان ئیبراهیم هاتووە، یاخوا بەخێر بێت. قوتابییەکانی سەریان سوڕما لەوەی ئەبو حەنیفە چۆن بەکەسێک دەڵێت گەورە و سەیدمان، لەکاتێ ئەوە زاهیرییەن هەژارە و گەورە و سەید نییە! کاتێ ئیبراهیم ڕۆشت، قوتابییەکان پرسیاریان لە ئەبو حەنیفە کرد، ئەویش گوتی: بەڵێ، ئەو گەورە و سەیدی ئێمەیە.

گوتیان: ئاخر بە چی بوویە گەورە و سەید، لەکاتێ ئەو هەژارە؟

ئەبو حەنیفە گوتی: ئیبراهیم بە خزمەت کردنی پەروەردگاری خۆیی خەریکە، هەرکەسێکیش خزمەتی گەوران بکات، دەبێتە گەورەیی ئەوانەی پاشەخۆیی. هێندە ئیبراهیم مەشغولە بووە بە خزمەتەوە، تاوەکو بووە بە گەورە و سەیدی ئێمە.

(کشف المحجوب، ٢٠٠)



ڕێگای عیشق ئەو ڕێگایەیە کە ناچاری تا گیانفیداکردن بڕۆیت، چونکە هەر عیشقە مرۆڤ بە ئامانج و مەبەست دەگەیەنێت.

(حافزی شیرازی)



کاتێ عەبدولمەلیکی کوڕی مەڕوان فەرمانی بەندکردنی (عەلی زەینولعابدین) ی دا. ئیمامی زوهری چوویە لایی زەینولعابدین و دەستی بەگریان کرد، گوتی: وەڵایی دڵم بە

بەندکردنت تەنگ بووە. ئەی کوڕی پێغەمبەری خودا (سەلامی خودای لەسەر بێت)

زەینولعابدین گوتی: ئەی زوهری وا دەزانی من کارێکم لەدەستت نایێ بیکەم بۆ نەجات بوون؟ سەیرێکی کەلەمچەکەی دەست و پێی کرد، یەکسەر هەردووک بەربوونەوە.

ڕوویی لە زوهری کرد و گوتی: ئەوەی بمەوێت خودا زۆرتری پێداوم، بەڵام ئەی ڕەزابوونی خودا! من لەبەر مەقامی ڕەزا هیچ شتێک ناکەم.

(حال و احوال سید الرفاعي، ١٢)



جیهانی بەرین زیندانێکە و ئێمەش زیندانین، بۆیە هەوڵبدە ئەم جیهانە هەڵبکۆڵیت و خۆت لەنێوانی ڕزگار بکەیت.

(مەولانای ڕۆمی)



جارێک یەکێک لە دەروێشەکان جلە شڕەی سۆفیایەتی لەبەر بوو، بەلای ماڵێک دا تێپەڕی و تێنویەتی زۆری بۆ هێنابوو، بۆیە لە دەرگای دا و کچێکی گەنج دەرگایی کردەوە، ئەمیش داوای ئاوی کرد. کچەکە هەڵسا چوو بۆی هێنا، دەروێشەکە

ئاوەکەی تێر خواردەوە و، سوپاسی خودایی کرد. لەوکاتە دڵی بەسترا و زکری ڕۆژانەی نەتوانی بکات، بۆیە لەبەردەم دەرگایی ماڵەکە دانیشت و دەستی بەگریان کرد. لەوکاتە خاوەنی ماڵەکە کە یەکێک بوو لە دەوڵەمەندەکانی شار هاتەوە و حاڵی ئەو دەروێشەی بینی و پرسیاری لێ کرد، دەروێش وەڵامی داوە: تازە شەربەیەک ئاوم لەو ماڵەوە خواردەوە، بەڵام دڵم ڕەق بووە و زانیم ئەو ئاوە بێ پرسی خاوەن ماڵەکە هاتووەتە دەرەوە.

پیاوەکە دەروێشی بردە ژوورەوە و کچەکانی نیشان دا، گوتی: ئەوەیان بوو ئاوی بۆم هێنا. پیاوەکە گوتی: ئەگەر ئەوەندە لەلای خودا خۆشەویست بیت بەتەنیا گوناهێک شەرابی زیکرت لێ بگرنەوە، ئەوە هەمان کچت لێ مارەدەکەم و لەماڵی من دەژیت. ئەوەبوو ئەوشەوە کچەکەیان لێ مارەکرد و جلە شڕەی سۆفیایەتیان لەبەر داماڵی و جلی گرانبەهایان لەبەر کرد. شەو دەروێش هەڵسا بۆ شەونوێژ و ماناجات، لەوکاتە خەوی بەسەردا کەوت، لەخەودا پێیانگوت: تۆ ئەو جلەت بۆ خوداپەرستی لەبەر کردوو بوو، تۆ بۆ شەربە ئاوێکی حەڕام کراسی سۆفیایەتییمان لەبەرت داماڵی، ئێستا یەک حەڕامی دیکە ئەنجام بدەیت و جلەکەت بەتەواوی فڕێ بدەیت، ئەوا بۆ هەمیشە لە دیوانی خۆشەویستان دەتسڕینەوە و باتنی حاڵت لێ جوایەز دەکەینەوە.

دەروێش ڕاپەڕی لەو خەوە و هاواری کردە خێزانی: خێرا ئەو جلە شڕەم بۆ بهێنە من تەوبە دەکەم، هەزار تەوبە بێت، مەولایی جلەشڕەیی تۆ بە هەزار پوڵی دەوڵەمەندی نادەم.

(کشف المحجوب، ٢٠٧)



سوێند بە عیززەتی خۆت، سەدجار دەرم بکەیت لە قاپیت، هەر دێمەوە بەر قاپی تۆ. خۆ لە تۆ بترازێ کەسی دیکەم نییە.

دیسان سوێندت پێ دەخۆم، ئاخر لەنێو دڵمدا غەیری تۆ وجوودێک نییە.

(ڕابیعەی عەدەوی)



(ئەبا تاهیری حەرەمی) ڕۆژێک بەسواری گوێدرێژەکەی بەناو بازاڕدا گوزەری دەکرد، قوتابییەکەشی ڕێشمەی گوێدرێژەکەی گرتبوو ڕایدەکێشا. لەوکاتە کەسێک گوتی: ئەوە شێخی زندیق بەرەو ئێرە دێت. قوتابییەکە زۆر توڕەبوو ویستی هێرش بکاتە سەر

پیاوەکە، لەوکاتە شێخ تاهیر گوتی: ئەگەر تورەییەکەت قوت بدەیتەوە و دەرینەبڕیت، ئەوا من شتێکت فێر دەکەم کە لەو ڕقە ڕزگارت بکات. قوتابییەکە بێدەنگ بوو، کاتێ گەڕانەوە خانەقا، شێخ تاهیر باولێکی کۆنی هێنا و کردیەوە، پڕ بوو لە نامەی شێخە بەرزەکان و پیرە ناودارەکانی تەریقەت، بە چەندان شێوە ناوی ئەبا تاهیریان هێنابوو (پیری بەهەیبەت، ئوستادی زاهید و مەزن، شێخی ئیمام، زانایی پایەبەرز ...) هەر کەسە و بەوپەڕی گەورەییەوە ناویان هێنابوو. شێخ ڕووی کردە قوتابییەکە و گوتی: ڕۆڵەکەم ئەوە هەریەکە و بە بیروبۆچوونی خۆی ناوی بۆ داناوم و بەدڵی خۆی بەسەریدا هەڵگوتووم، ئەی باشە هەموویان ئازادن و کەس قسەیان پێ ناڵێت کە مەدح و سەنایان کردووم، ئەی بۆچی ئەو گەنجە ئازاد نییە بانگم بکات بە زندیق! بۆ ئەویش بیروبۆچوونی خۆی نییە؟ کەوایە ئەوەت لەخەیاڵ بێت لە ڕێگایی ئێمەدا هەموویان ئازادن چۆن گوزارشت لە ئێمە دەکەنز ئەگەر دەتەوێت ڕێگایی سۆفیان بگریت، دەبێ سەنایی خەڵک و تانە و جنێویان وەکو یەک هەژمار بکەیت.

(کشف المحجوب، ٢١٥)



له عیلم ئەوەندە بەسە، کە بزانیت باری تەعالا دەتبینێت و هەرچی ئەنجامی دەدەی ئاگادارە، ئەوەش بزانە هەرچی عیبادەتی دەیکەیت، خودا پێویستیی پێی نییە.

(بایەزیدی بوستامی)



بە (ئیبراهیمی کوڕی ئەدهەم)یان گوت: هەرگیز بووە ئەوەی لە دڵتە بۆت بەدی هاتبێت؟

گوتی: بەڵێ، دووجار. جارێکیان سواری کەشتییەک بووم، کەس منی نەدەناسی، منیش سەر و ڕیشم نارێک و ئاڵۆزاوی بوو،

جلوبەرگیشم سۆفیانە بوو، خەڵکی کەشتییەکە زۆر بەمن پێکەنین و گاڵتەیان پێم دەکرد، یەکێکیان هات و پرچی بڵند دەکردم و یاری پێدەکرد، خەڵکیش هەموو پێدەکەنین، ئەوکاتە گەیشتمە ئاواتی دڵم، کە بینیم نەفسی من هێندە زەلیل بووە.

جاری دووەم، گەیشتمە یەکێک لە شارەکان بارانێکی بەخوورەم دەباری، لەوکاتە ویستم بچمە مزگەوت، بەڵام نیانهێشت بچمە هیچ کام لە مزگەوتەکانەوە، لەوکاتە چوومە حەمامێکی ئەویٚ و لەبنەکەی ئاگر هەبوو، بەجۆرێک گەرمییەکەی دەچووە ژوورەوە و دوکەڵەکەشی بۆ لای من دەهات، بەجۆرێک هەموو گیانم ڕەشبوو، لەوکاتە چوومە دەرەوە گشت خەڵک پێدەکەنین پێمەوە، ئەوجاریش زەلیلبوونی نەفسم بینی. زۆر دڵخۆش بووم.

(کشف المحجوب، ٢١٩)



ئەگەر هەشت بەهەشتی ئەو دونیام بۆ بخەنە خانوە
بچووکەکەی خۆمەوە و، ویلایەتی هەردوو جیهانم پێببەخشن،
هێشتا بەو ئاهەی بەربەیانی نادەم، کە بەیادی شەوقی
حەزرەتی مەولا لە گیانی من دێتە دەر.

(بایەزیدی بوستامی



ڕۆژێک یەکێک لە موریدان هاتە لای شێخی خۆی و پرسیاری لێ کرد: قوربان، من زۆر لەمردن دەترسم، لەمنداڵییەوە ئەو ترسە لەگەڵمە. ئەگەرچی هەموو دەم زیکر و ویردەکانم دەکەم و واجباتەکان بەتەواوی جێبەجێ دەکەم؟

شێخ گوتی: ڕۆله چ کەسێک پێیگوتوویت دەژیت؟ تا وا گومان ببەیت کە دەمریت؟

مووریدەکە سەری سوڕما گوتی: قوربان، لەو قسەیەت تێنەگەیشتم، ئەی ئەوە نییە هەناسە دەدەم و لە زەوی نیشتەجێم؟

شێخەکە گوتی: ڕۆڵەکەی خۆم، هەرکات بینیت کانیاوی ئەوینی ئیلاهی لەدڵت تەقیوە و بەشی خەڵکیشت دا لەم کانییە، ئەوکاتە زیندوویت. هەرکات بینیت کارەکانت سوودی بۆ خەڵکی هەیە، ئەوکاتە زیندوویت.

موورید دەستی کردە گریان و زانی ئیدی ژیان واتا سوودگەیاندن بەخەڵک.

(الصوفية الحقيقية، ٢٦٥)



شەوێ لە حاڵی نارەحەتی دڵم دا، لە دڵی خۆم دەگەڕام،
هەرچیم کرد دڵم نەدۆزیەوە.

بەریبەیان لە بێداریدا پێیانگوتم: ئەی بایەزید، جگە لە ئێمە بەدوای شتی دیکەدا دەگەڕێی؟ تۆ چ کارێکت بە دڵ هەیە؟

(بایەزیدی بوستامی)



پیاوێک هاتە لای پێشەوا (سەعیدی کوڕی موسەییەب) گوتی:
قوربان، چ شتێک حەلالە و هیچ حەرامێکی تێدا نییە، هەروەها
چ شتێک حەرامە و هیچ حەلالێکی تێدا نییە؟

سەعید گوتی: یاد و زیکری خودا گشتی حەلاڵە و هیچ حەرامێکی تێدا نییە، هەرچۆن و هەرشێوەیەک بیکات حەلال و دروستە. هەروەها هەر کار و کردەوەیەک یادی خوداي لەگەڵ نەکرێت ئەوە حەرامە و هیچ حەلالێکی تێدا نییە. ڕۆلەکەم چاک بزانە ئەوەی بۆ جگە لە خودا بەفیڕۆ بدرێت، هەر تیاچوونە.

(کشف المحجوب، ٢٤٥)



تەوبەکردن لە گوناهان یەکجارە و، لە تاعەتکردن هەزار جار.

(بایەزیدی بوستامی)



جارێکیان پێشەوا (مالیکی کوڕی دینار)، پیاوێکی بینی زۆر بە ناڕێکی و بێسەروبەریەوە نوێژی دەکرد، بۆیە بەدەنگێکی لەسەرەخۆوە گوتی: خوایە ڕەحم بە منداڵەکانی بکەیت!

قوتابییەکانی کە بیستیان پێشەوا مالیک وا دەڵێت سەریان سوڕما گوتیان: قوربان، ئەو پیاوەنوێژەکەی نارێک بوو، کەچی تۆ باسی منداڵەکانیت لەگەڵ کرد، هۆکارەکەی چی بوو؟

پێشەوا مالیک گوتی: کوڕەکانم، ئاخر ئەوە گەورەیماڵێکە و منداڵەکانی چاوی لێدەکەن، کاتێ ئەو هەڵەیەک دەکات، یەک خێزان بەتەواوی لاسایی ئەو دەکەنەوە.

(القصص و العبر، ٣٥٩)



ڕاستی زوهد ئەو کاتە دەردەکەوێت، کاتێ وازت هێنا لە دونیا و ئاخیرەت و هەوەس و خۆشی و ناخۆشی و، وازهێنان لە داواکردنی پلەی بەرزی قیامەت و داواکردنی کەرامات و جەننەت.

(شێخ عەبدولقادری گەیلانی)



جارێکیان حەزرەتی (موحەممەدی کوڕی مونکەدیر) دەگێڕێتەوە: لە مەدینە پیاوێک هەبوو، ناوی (عیمڕان) بوو، خەڵکی بە (عیمڕانە مانگا) بانگیان دەکرد، ئەوەندەیان ڕق لێ بوو، تا بڵێی کەسێکی سەرەڕۆ و سەرپێچیکار بوو، لە هیچ خراپە و گوناهێک

نەدەگەڕایەوە. قەدەری خودا وابوو ئەو پیاوە مرد، کاتێ جەنازەکەیان هێنا مزگەوت، کەس ئامادە نەبوو نوێژی لەسەر بکات، هەموو خەڵک مزگەوتیان بەجێهێشت،

تەنها من مامەوە، منیش شۆردم و نوێژم لەسەری کرد و ناشتم و نەمتوانی بەجێی بهێڵم، لەترسی ئەوەی نەوەک پەروەردگار لۆمەم بکا لەوەی، کە ڕەحمەت و لێبوردەیی خوای پەروەدگارم بە کەم زانیبێ و لەجیاتی خوا بڕیاری سزادانیم دابێت!

(الجعديات، ٤١٢)



گەر خۆت ئەمرت پێ نەکردبام، هەرگیز ناوی کەسم دوایی (لا اله الا الله) نەدەهێنا.

(شیبلی)



گەورەمان عبداللەی کوڕی موبارەك دەڵێ: ئێوارەی ڕۆژی عەرەفە بوو، چوومە لای پێشەوا (سوفیان سەوری)، بینیم لەسەر چۆك دانیشتووە و چاوەکانی فرمێسک دەبارێنن، پێمگوت: ئەی سوفیان، خراپترین حاڵ، حاڵی کێیە؟!

سەری بەرز کردەوە و گوتی: ئەو کەسەیە کە پێیوایە پەروەرێنی میهرەبان لێی خۆش نابێت.

(لطائف المعارف، ٣/ ١٢٤)



ئەگەر خودا بیەوێت بەندەیەکی ئازیزی خۆی سزا بدات، ئەوا سەرەتا لە زیکر و کۆڕی زیکر بەدووری دەکات.

(سوفیانی سەوری)



یەکێ لە ئافرەتە سۆفییەکانی بەغدا هەرکاتێ بۆ نوێژی بەیانییان بانگی منداڵەکانی خۆی دەکرد و، لە خەو هەڵیدەساندن. ڕووی تێدەکردن و بە زمانێکی پڕ لە نوقڵی ئیمانەوە پێیدەگوتن: منداڵینە هەڵسن، با کە چووینە بەهەشت، کەستان لێمان دانەبڕێ،

هەموومان لەوێ خۆشەویستمان حەزرەتی سوڵتانی دڵان (سەلامی خودای لەسەر بێت) ببینین و بگەینە خزمەتی ئەو نازدارە.

(الزاهدات و الصالحات، ٢٨٨)



جوامێری واتا چاو داپۆشین لە هەڵەی براکەت و، هەرگیز باس نەکردنی ئەو هەڵەیە.

(فوزەیلی کوڕی عەیاز)



قەتادە دەفەرمووێ: لە مەجلیس و کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا سێ جۆرە خەڵک هەن:

١_براوەکان: ئەوانەن کە باسی خوای گەورە دەکەن و، یاد و زیکری خوا بە بیر خەڵکی دەهێننەوە.

٢_دووره بەڵاکان: ئەوانەن کە قسە ناکەن و گوێ دەگرن، تا سوود وەربگرن.

٣_تیاچووەکان: ئەوانەن کە هەر شتێ بەسەر دەمیان دا بێت، باسی دەکەن و لە هەموو باس و خواسێکدا خۆیان هەڵدەقورتێنن.

(کلمة الطيبة، ٢١٢)



کەسی مەرد ئەو کەسەیە، ڕقی لە هیچ کەس نەبێتەوە.

(ئەبوبەکری وەڕاق)



موعتەمری کوڕی سلێمان دەگەڕێتەوە و دەڵێ: باوکم تووشی قەرزێکی زۆر بوو، زوو زوو دوعای دەکرد و دەیگوت: خوایە لێمخۆشبە و پەشیمانم.

هەردەم بەو کارە سەرم سووڕما، ڕۆژێك پێمگوت: باوکە لە جیاتی داوای لێخۆشبوون بکەی، دوعا بکە خوای گەورە قەرزەکانت لەسەر سووک بکا.

باوکم بەڕوویەکی خەمگینەوە ڕووی تێکردم و گوتی: ڕۆڵەکەم ئەگەر خوا لێم خۆشبێت، قەرزەکانیشم دەداتەوە!

(قصص الصالحین، ١/ ٣١١)



ئەی کەسی بێ چارە، بۆ کەسانێک دەخەنە جێگایی دڵتان، لەکاتێ دەزانن دەمرێت. ئاقڵ ئەوەیە کەسێ بخاتە جێگایی هەرگیز نەمرێت.

(شیبلی)



"وەکیعی کوڕی جەڕاح" و "سوفیانی سەوری" دوو دۆستی گیانی بەگیانی یەکتر بوون، هەردووکیان لە ئەویندارانی ڕێگای عیرفان بوون. ڕۆژێک سوفیان نەخۆش کەوت. وەکیع دەڵێ: منیش چەند ڕۆژێك دواکەوتم و نەمتوانی بچمە لای. دوای ماوەیەک ئینجا

چووم. کاتێ کە چووم، زۆر داوای لێبووردنم لێ کرد و، عوزریشم بۆ هێنایەوە کە نەهاتوومە.

سوفیان بە تووڕەییەوە سەیری کردم و گوتی: کاکی خۆم واز لە عوزر هێنانەوە بێنە، ئەی نازانی زۆرجار مرۆڤ کاتێ عوزر دێنێتەوە، توشی درۆکردن دەبێت. باشیش بزانە وەکیع دۆستانی باش شت لەسەر یەکتری بە هەند هەڵناگرن و لێپێچینەوەش لەسەر یەکتری ناکەن، من بە نەهاتن و هاتنتەوە تۆم قەبووڵە، ڕاستە نزیک نەبوویت بە لاشە، بەڵام لە ڕۆحمەوە هەمیشە ئامادەیت.

(شعب الایمان، ٢/ ١٨٨)



سەرفرازی و خۆشی بۆ ئەو کەسەیە، کاتێ وەفاتی کرد، گوناهەکانیشی لەگەڵی وەفات دەکەن. نەوەک گوناهەکانی تەمەنێک دوایی خۆی، هەر بمێنن.

(حەبیب عەجەمی)



باوکی مەجنون، مەجنونی لەگەڵ خۆیدا بردە کەعبە، تاوەکو حەلقەی کەعبە بگرێت و، لەوێ دوعای دەرچوونی ئەوینی لەیلا لە دڵی مەجنونی کوڕی بکات.

لە تەوافدا کاتێ باوکی دەستی مەجنونی گرتبوو، نزیکبوونەوە لە حەلقەی کەعبە، باوکی گوتی: پەروەردگاری میهرەبان داوات لێ دەکەم ئەوینی لەیلا لە دڵی کوڕەکەمدا دەربهێنێت.

کاتێ مەجنون ئەوەی بیست، خۆی بە دیواری کەعبەدا هەڵواسی و هاواری دەکرد: پەروەرێنی عاشقان، ئەوینی لەیلا لە دڵم هەر زیاد و زیاتر بکەیت. وابکەیت هەرگیز لەبیرم نەچێتەوە. با هەمووان لەبیر بکەم، تەنیا ئەوم لە یاد بهێڵەوە.

کاتێ گەڕانەوە، مەجنون تەواو وازی لە لادێ هێنا و بە دەشت و سارا کەوت. ئەو کاتەی بە مردوویی دۆزیانەوە لە تەنیشتی خۆی بەیتە شعرێکی نووسیبوو:

عاشقی دڵبریندار ئەمڕۆ بە دڵشکاویی دەمرێت.

خۆزیا یاریش جارێ عاشق بێ، تا بەخۆی بزانێ عاشق لە دووری و کۆچباران چی بەسەر دێ!

(مجنون و لیلی، ١١٤)



لەوەتەیی زانیومە پەروەردگار خۆیی حەقیقەتە و، کەس ناتوانێ وەکو ئەو بێت، هەرگیز لە جێبەجێکردنی فەرمانەکانی لام نەداوە.

(حاتەمی ئەسەم)



پێشەوای سۆفیان حەزرەتی (حەسەنی بەسرِی) ڕۆژێک هاتە مزگەوتێکەوە بینی ئەوەی پێشنوێژی دەکات (حەبیبی عەجەمی)یە، حەبیب تازە هاتبوویە عیراق و زبانی عەرەبی باش نەدەزانی، بۆیە حەسەن لەدواوەی نوێژی نەکرد. شەو لە خەودا

لەموناجاتدا بوو دەیگوت: ئیلاهی من، ڕێگایی ڕازی بوونی خۆتم نیشان بدە.

دەنگێک لە غەیبەوە هات: حەسەن ئێمە ڕازیبوونی خۆمان بۆ عەتا کردیت، بەڵام تۆ ڕەزابوونی ئێمەت نەویست.

حەسەن گوتی: قوڕ بەماڵی خۆم، چۆن؟

دەنگێک هات: ئەگەر نوێژت لەدوایی حەبیب کردبا ڕەزابوونی ئێمەت وەردەگرت.

حەسەن گوتی: ئاخر ئەو زبانی تەواو نییە و، حەرف و وشەکان لەجێگایی خۆی بەتەواوی ئەدا ناکات.

دەنگێک هات: ئەی حەسەن، ئەو زبانی ڕاست و تەواو نەبوو، بەڵام دڵی خۆی وەکو کۆتری سپی بۆ لای ئێمە ناردبوو، نییەتی خۆی هەر لەنێو ڕەزابوونی ئێمە دانا بوو، ئێمەش لێی ڕازی بووین، لەوانەش لەدواوەی بوون.

(کشف المحجوب، ٢٤٦) (بستان الواعظین، ٦٥٥)



Description

بسم الله الرحمن الرحيم

🤍چەناڵێک تایبەت بە کتێب و بابەتی جیاواز🤍

ئەم کتێبە لەلایەن { ئاڤان بەهجەت }
کراوە بە دیاری بۆ خوێنەران

چەناڵ
https://t.me/tanyahaji7

t.me/tanyahaji7

Invite Link



لەگەڵ خودادا، دڵم بزر کردووە.

(مەمشادی دینەوەری)



عاریفی خوداناس، جەنابی (حیوەی کوڕی شورەیح) زۆر دەستکورت بوو، بەڵام پڕ عززەت بوو، ڕۆژێک یەکێ لە موریدانی هاتە لای و بینی لەسەر زەوییەکە کەوتوە و خەریکی

موناجاتی مەحبوبی خۆی بوو، لەوکاتە موریدەکە بەسینەیەکی پاکەوە گوتی: قوربان، بۆچی داوا لە خودا ناکەیت گوزەرانت چاک بکات!؟

شێخ وەکو گوڵێکی تازەکراوە زەردەخەنەیەکی هاتێ و سەیری دەورووبەری کرد، پاشان مشتێک خۆڵی هەڵگرت و فەرمووی: ئیلاهی دەوڵەمەندی من، ئەوە بکەیت بە زێڕ. لەوکاتە یەکسەر بوو بە پارچەیەک زێڕ، پاشان شێخ پارچە زێڕەکەی فڕێدایە پێشی موریدەکە و فەرمووی: ڕۆڵەکەم، دونیا خێری تێدانییە، تەنیا بۆ ئەوانە نەبێت کە داوای دەکەن، منیش تەنیا و تەنیا پەروەردگاری تاقانەم مەتڵەبە و غەیری ئەو داوای هیچ ناکەم.

مورید واقی وڕمابوو، گوتی: قوربان، چی لەو زێڕە بکەم؟

شێخ فەرمووی: ڕۆڵە هەڵیگرە و پێداویستییەکانی خۆتی پێ دابین بکە.

موریدەکە دەڵێت: زۆر هەستم بەشەرمەزاری کرد، کە شێخم خستە ئەو هەڵوێستە و پەشیمانم کردەوە لەو پەیمانەی کە غەیری پەروەرێن داوای شتێکی دیکە نەکات.

(قصص الأولياء، ٤٨)(صفة الصفوة، ٣٠٩/٤)



بزانە سامان و ماڵ وەکو مارە، هەم ژەهری هەیە هەم دەرمان.

(ئیمامی غەزالی)



گوتیانە بۆنخۆشی گوڵستانی عاریفان (زینونی میسری):
قوربان، لەژیانتدا چ شتێکی زۆر سەیرت بینیوە؟

گوتی: جارێک لە بیاباندا دەڕۆشتم، لەدوورەوە پیرەپیاوێکم بینی،
لەدڵی خۆم گوتم گەر پێیگەیشتم پرسیاری لێ دەکەم، کاتێ

لێی نزیک بوومەوە، بینیم گۆچانێک پێیە و جلوبەرگێکی سوفی لەبەرە، گوتم: مامەگیان لە کوێ هاتووی؟

گوتی: لەلایەن خوداوە.

گوتم: ئەی دەچیتە کوێ؟

گوتی: دەچمە لای خودا.

منیش زانیم سۆفییە، بۆیە چەند دینارێکم دەرهێنا و دام پێی، بۆ ئەوەی شتێکی پێ بخوات. کەچی سەیرێکی کردم و گوتی: ئەی زینون، کاتێ دەزانی لە لای خودا هاتووم و دەچمەوە لای خودا، وا گومان دەبەی لەغەیری ئەو شت وەرگرم؟ من ئەو دەپەرستم، کەوابوو لە غەیری ئەو هەرگیز داوا ناکەم.

ئینجا زانیم ئەو پیاوە لە عاشقانی پەروەرێنە، چونکە عاشق لە کاڵا و زەروورەتی حەزرەتی مەعشوق نەبێ، وەرناگرێت.

(منهاج القاصدين، ٤٧١) (كشف المحجوب، ٢٥٩)



دلبەرم بە چاوی خۆم بینی،

گوتم: تۆ کێی؟

گوتی: تۆ.

حەلاج



نازداری دڵان حەزرەتی (عوبێدوڵای کوڕی ستار) بەلای یەکێک لە گوندییەکانی سەر ڕێگایی خۆی دا دەڕۆیشت، لەو کاتە بارانێکی زۆر نەرمۆکە دەباری، گەیشتە لادێیەک و

گوتی: چۆنە هەموو دڵخۆشن و تۆ وا بە بێباکییەوە دانیشتوویت و دڵخۆش نیت بە گەشەکردنی گەنمەکانت؟

گوتی: قوربان لە ترسی لافاو گەنمم نەچاند.

عوبێدوڵا گوتی: کەوایە گەنمەشامییت چاندووە؟

گوتی: نەخێر، ترسام کوللە لێی بدا و بفەوتێ.

عوبێدوڵا گوتی: ئەی کوڕەکەم چیت چاندووە؟

گوتی: وەڵا قوربان هیچم نەچاندووە و ترسام زەرەر بکەم.

عوبێدوڵا گوتی: کوڕەکەم خۆشاردنەوە لە شوێنێکی ئارام ڕاستە دوورمان دەخاتەوە لە شکست و ماندوو نابین، بەڵام ئەوەش بزانە هەرگیز هیچ شتێک بەدەستناهێنین کە ئیدی بتوانین شانازی پێوە بکەین، عاریفان بۆیە گەورەبوون چونکە مەردانە قۆڵیان لە دونیا هەڵماڵی و بڕیاریاندا بە دونیا، قیامەتییان بەدەست بهێنن.

(معجم الصوفية، ٢/ ٣٤١)



من خاوەنی دوو دڵم.

ئاخر بۆ ئەوینی تۆ، یەک دڵ

بەس نییە.

مەولانا



پرسیاریان لە سەهلی تۆستەری کرد: قوربان خۆشەویستانی خودا چۆنن؟

فەرمووی: خۆشەویستی خودا بەوە نییە، کە هەموو فەرمانەکانی خودا پەیرەو بکەیت، بەڵکو بەوە دەبیتە خۆشەویستی خودا، ئەو نەهییانەی خودا دایناوە لێی دوور بکەوێتەوە و نەیکەت.

چونکە خۆشەویستی واتا تەرکی هەموو ئەو شتانەی مەعشووق بڕەنجێنن.

(صفة الصفوة، ٣/ ٣٥٦)



دەردی عیشقداری،

دەردێکی هەمیشەیی‌یە و قەت دەرمان ناکرێت.

ئیبن عەرەبی



پیاوێک هاتە لای یەکێک لە عاریفانی مەزن جەنابی (نوعمانی کوڕی سوڕاقەی زونانی) و پرسیاری کرد: قوربان بۆچی ئێمە لەو دونیایەدا هێندە ماندوو دەبین بۆ بەدەستهێنانی خواردن و خانوو و پارە، ئەی نەدەکرا یەکسەر خودا پێمان بدات؟

حەزرەتی نوعمانی ژیر خەندەیەکی هاتێ و بە نەرمونیانیەوە گوتی: ڕۆلە تۆ حەز بە چوونە بەهەشت دەکەیت؟

پیاوەکە گوتی: قوربان ئەو هەموو عیبادەتەم هەر بۆ ئەوەیە بچمە بەهەشت.

عاریف گوتی: کەوایە دوعا دەکەم زوو بمریت.

پیاوەکە زۆر ترسا و گوتی: قوربان نەکەی ئەو دوعایە بکەیت، سوێند بە پەروەردگار زۆر لە مردن دەترسم.

عاریفەکە گوتی: ڕۆڵە ڕێک ئاوایە ئێمە هەمووومان حەز بە بەهەشت دەکەین، بەڵام ئامادەنین بمرین. لەکاتێ پردی گەیشتن بە بەهەشت، مردنە. بەهەمان شێوە ڕۆڵەکەم پەروەردگاریش دەیەوێ تۆ تێبکۆشی، ئینجا ئەویش خواردن و خانوو و ماڵت پێ ببەخشێت. بەدەستهێنان، بەبێ تێکۆشان نابێت.

(بستان الواعظين، ٥٨٢)



ئەم ڕۆژانە

خەیاڵی وەسڵت،

چاک فریوم دەدات.

حافزی شیرازی



کوڕە شیرینەکەی حەزرەتی (بیلال کوڕی سەعد) وەفاتی فەرموو و وەڵامی داواکەی پەروەرێنی دایەوە و گەڕاوە ئەو خاکەی لێی لەدایکبووین. ڕۆژێک لەکاتی دانیشتنی حەلقەی موریداندا، پیاوێک کە مەشهوور بوو بە فێڵبازی هات و گوتی: ئەی شێخ کوڕەکەت سەد دەرهەمی من قەرزارە.

شێخ فەرمووی: هیچ شاهیدێکت هەیە؟

پیاوەکە گوتی: نەخێر.

شێخ فەرمووی: ئەی نووسراوێک، یان بەڵگەنامەیەک؟

پیاوەکە گوتی: نەخێر.

شێخ فەرمووی: سوێند دەخۆیت؟

پیاوەکە گوتی: بەڵێ، ویستی سوێند بخوات، بیلال ڕای کرد و دەمی گرت، فەرمووی: بوەستە هەتا دێمەوە. چووە ژوورەوە و پارەکەی هێنا و پێیدا، فەرمووی: هەمووتان شاهێد بن ئەگەر پارەکەی بەڕاستی لێی قەرز کردبێت، ئەوە قەرزی کوڕەکەم دایەوە، ئەگەر واش نەبوو، ئەوە گەردنت ئازابێت و ئەوە سەدەقەیە.

کاتێ پیاوەکە ڕۆیشت، مووریدەکان گوتیان: قوربان، خۆ هەموومان باش دەمانزانی ڕاست ناکات، بۆچی نەتهێشت سوێندەکەی بخوات!

شێخ فەرمووی: دۆستان، ئەگەر وامانکرد خەڵک بکەوێتە گوناهەوە، چیمان لەگەڵ خەڵکانی دیکە جیاوازە، خەڵک گومانی باش بە ئێمە دەبەن، نابێ خیانەت بەو متمانەیان بکەین،

خۆ هیچمان زەرەر نەکردوە، یان قەرزاربووین کە دامانەوە، یان سەدەقەیەکم بۆ کوڕەکەم کردوە.

(صفة الصفوة، ٢١٧/١) (قصص الأولياء، ٢٤)



بم بەیتەوە یا نەم بەیتەوە بۆ من وەك یەكە.

تاوەکو ڕۆح لەم جەستەیەدا بوونی

هەبێت، من هەر بەندەی تۆم!

مەولانا



حەزرەتی (ئەبو زەیدی زاهید) دەگێڕێتەوە: یەکێک بووم لە دەسەڵاتدارە دڵڕەقەکانی دەوڵەت، ڕۆژێک لەگەڵ چەند دەستوپێوەندی خۆم چوومە مەجلیسی یەکێ لە سۆفییە بەناوبانگەکانی مەغریب، وتارەکانی وای کرد دڵم بهەژێنت و گریان گەرووی گرتم، بەبیرم دەهاتەوە چ گوناهێکی زۆرم کردووە،

بۆیە لەسەر دەستی ئەو زاتە تەوبەم کرد و بڕیارمدا ببمە سۆفی، بەڵام شێخ فەرمووی دەبێ گەردنی هەموو خەڵک بەخۆم ئازا بکەم، بۆیە هاتمە نێو شار و هەموو خەڵکم کۆکردەوە و حاڵەکەم تێگەیاندن، هەبوو لێم خۆش دەبوو، هەبوو قەرەبووی دەویست و هەبوو باوەشی پێدادەکردم، تەنیا یەک مابوو کە کاتی خۆی لەنێو خەڵکدا پەنجا جەڵدم لێدابوو، بۆیە چوومە گوندەکەیان و داوای گەردن ئازایم لێ کرد، گوتی: دەبێ لەنێو خەڵکدا پەنجا جەڵدەکەت لێبدەمەوە، منیێ خەڵکم کۆکردەوە و شەلاقم دایە دەستی، گوتی: کاتێ لەمنتدا هیچت لەبەر نەبوو، منیش جلەکانی خۆم داکەند، ئینجا کە هات لێم بدات، گوتی: خۆت لەمنت نەدا، بەڵکو بە کەسێکی ژێردەستی خۆت لێتدام، بۆیە بانگی ئەو کەسەم کرد و شەلاقم دایە دەست و گوتم: وەکو چۆن ئەوکاتە لەو پیاوەتدا، زۆر بەهێزتر لەمن بدە.

کاتێ ژێردەستەکەم هاتە پێش و دەستی بەرزکردەوە تاکو لێم بدات، لەوکاتە پیاوەکە ڕای کرد و باوەشی پێداکردم، گوتی: تەنیا دەمەویست بزانم تاکو چەند لەگەڵ تەوبەکەت ڕاستگۆیت، برۆ ڕێگای عیرفانت موبارەک بێت.

بۆیە کاتێ حەقی کەسم لەسەر نەما، ئیدی ڕێگای چۆڵەوانیم گرتەبەر و ڕۆیشتم بەرەو بەیتولمەقدیس.

(التشوف إلي رجال التصوف، ٤٣٤) (قصص الأولياء، ٣٥)



ئەی هاونشینی ئەو کەسەی یادت دەکا،

من کەی تۆم لەیادکردووە، تا یادت کەم؟!

حەلاج



جارێکیان مەجنونی عامیری سەگێك دەبینێت، بە هەڵەداوان دەچێتە لای و خواردن و خواردنەوەی بۆ دەبات و تەنانەت ماچیشی دەکات و ڕێزێکی زۆری لێ دەگرێت.

خەڵکی لەم کارەی واقیان وڕدەمینێ و بە گلەیی و گازاندەوە دەڵێن: ئەرێ مەجنۆن تۆ شێت بوویت! ئەوە سەگە سەگ!

مەجنونیش وەکو ئەوەی نە بای بێ و نە باران، بێ لاکردنەوە لایان دەڵێ: بڕۆن و لەمن گەڕێن. من ئەو سەگەم جارێك لە کۆڵانی ماڵی لەیلاوە بینیومە.

(دل و عشق ، ٢٨١)



کاتێ گوێت لە قسەی ئەهلی دڵ دەبێ

هەڵمەچۆ، مەڵێ هەڵەیە و وانییە.

تۆ ئەهلی گفتوگۆ نیت، ئەمەیان خەتایە.!

حافزی شیرازی



پرسیاریان لە فەتحی موسڵی کرد، ڕاستگۆیی چییە؟

دەستی خستە نێو کورەی ئاسنگەرییەکەیەوە و پۆلیە ئاسنێکی سوورکراوی دەرهێنا و ئەمدەست و ئەودەستی پێکرد، گوتی: ڕاستگۆیی ئەمەیە، متمانەت بە پەروەردگار هەبێت.



Tanya Haji | تەنیاحاجی

public channel

Description

بسم الله الرحمن الرحيم

🤍چەناڵێک تایبەت بە کتێب و بابەتی جیاواز🤍

ئەم کتێبە لەلایەن { ئاڤان بەهجەت }
کراوە بە دیاری بۆ خوێنەران

چەناڵ
https://t.me/tanyahaji7

t.me/tanyahaji7

Invite Link

بڵاوكراوەكانی ناوەندی ڕەها

ژ	ناوی کتێب	ناوی نووسەر
١	ئیسلام یان ئیلحاد	و/ ئەیاد نادر
٢	جوانتر بیربکەوە	سبحان سەید
٣	دێڕی نامەكان	تەنیا محەمەد
٤	کچی کافرۆش	هێدی سەلیم
٥	هونەری جەنگ	ن/ سون تزو و/ نیاز مەستی
٦	پیانۆ	ن/ ڕۆزمێری بۆردەر و/محمد جەمیل عەلی
٧	عاشقانە دێم	زامدار قادری
٨	چیرۆكی ڕەوشتە باڵاكان	محمد كەریم حاجی
٩	ئایا دەكرێ خوێن درووست بكرێ؟	ئەحمەد محەمەد نەقاش
١٠	پوختەیەك لە ژیاننامەی زانا و پیاوچاكانی كورد	زانا قەرەداغی
١١	ستیف جۆبز كێ بوو؟	ن/ پام پۆڵا جك و مەگ بەلفسۆ و/ ڕەوەند حەكیم
١٢	بەختەوەرترین ئافرەت لە جیهاندا	ن/ عائض القرني و/ نیاز مەستی
١٣	پوختەیەك لە ژیانی عەلی كوڕی حوسێن (زین العابدین)	عبدالرحمن محمدامین
١٤	ماهی نوورین	هێدی سەلیم
١٥	ئەبولحەسەنی ئەشعەری (قوتابخانە كەلامی و فەلسەفییەكەی)	عەدنان ئەمین
١٦	ئەتەكێكی قسەكردن	ن: د: ئیهاب فكری و/ دەشتێ تالیب شوانی
١٧	١٠١ گۆدی بەربەرۆسا	ن/ جیهاد الترباني و/ ئەحمەد حمدامین مەنتك
١٨	فیقهی سانا	خ.ڕەشید ڕەحیم

		نیاز مەستی
١٩	لابردنی گومانەکان لەسەر ئاهەنگگێڕان بە بۆنەی یادی لەدایکبوونی پێغەمبەرمان	م. جاسم کەرکووکی
٢٠	لا یأتیه الباطل	ن/ محمد سعید رمضان البوطي و/ محەمەد مەلا سعدالدین
٢١	١٠١ چیرۆکی سەرسوڕهێنەر	ڕەوەند حەکیم
٢٢	ئامۆژگاری باوکێك بۆ ڕۆڵەکەی	ن/ ئەشرەف عوسمان و/ ئەیاد فەهمی
٢٣	تاوانە دەروونییەکان	ن/ محمد سعید رمضان البوطي و/ عومەر ڕێشاوی
٢٤	بەیانی جوانتر دەبێت	ن/ عبدالله المغلوث و/ موحسین ئەمین
٢٥	گەورە بژی	ن/ کەریم شازەلی و/ نێچیروان جاسم وەلی
٢٦	پەروەردەی ژیرانە	ن/ کەریم شازەلی و/ هندرێن هەژار
٢٧	درەختی گەردوون	ن/ محی الدین ابن عربی و/ یاد نوورسی- بوشرا خۆرانی
٢٨	ژیانەوەی دڵەکان	ئەحمەد محمد سەعید
٢٩	ڕێبازێکی پەروەردەیی تاقانە لە قورئاندا	ن/ محمد سعید رمضان البوطي و/ عومەر ڕێشاوی
٣٠	بیرکردنەوەت بگۆڕە ژیانت بگۆڕە	ن/ برایان ترێسی و/ داستان شەریف
٣١	١٠ خاڵ پێشچوونە زانکۆ	ن/ یاسر عبدالکریم بکار و/ ڕەوەند حەکیم
٣٢	چیرۆکەکانی ژیان	ن/ عەلی تەنتاوی و/دیار ئیبراهیم سەنگەسەری
٣٣	زمانی دووەم	ئەهرۆ جەرجیس
٣٤	سڵاوت لێ بێ ئەی پێغەمبەری خوا	ن/ موستەفا حوسنی

		و/بەسام مەحمود
٣٥	فێربوونی فەرەنسی	بابان عەلی مەحمود
٣٦	فەرهەنگی دەرمان	ئەحمەد گوڵ
٣٧	دوایین پیاوی ئەندەلووس	زامدار قادری
٣٨	لەگەڵ خەڵکدا	ن/ عەلی تەنتاوی و/ ئەیاد فەهمی
٣٩	مرۆڤ و دادپەروەری خودا لە زەویدا	ن/ محمد سعيد رمضان البوطي و/ عومەر ئەحمەد نیزامی
٤٠	نزاکانی مەولانا	کۆساران ئەحمەد
٤١	ڕەوشتی گفتوگۆ لە قورئانی پیرۆزدا	ن/ محمد سعيد رمضان البوطي و/ ئەمجەد تەهاوی
٤٢	یادی پیاوچاکان	ن/ عەتتار نەیشاپووری و/ کۆساران ئەحمەد
٤٣	١٠١ کۆدی ئاریۆس	ن/ جيهاد الترباني و/ ئەحمەد حمدامين مەنتك
٤٤	ئەوروپا لە تەکنەلۆژیاوە بەرەو ڕۆحانییەت	ن/ محمد سعيد رمضان البوطي و/ دیار ئیبراهیم سەنگەسەری
٤٥	پەندەکانی سەعدی	ن/ غوڵامرەزا سەوالونی و/ مەهدی عەبدوڵڵا
٤٦	سەعدی (شاعیری عیشق و ژیان)	ن/ د.مەنوچەهر دانش پژوه و/ مەهدی عەبدوڵڵا
٤٧	خاڵبەندی ڕێساکانی بەکارهێنانی بە نووسیندا	جووتیار قارەمان
٤٨	جلاء الخاطر بە کوردی	ن/ شێخ عبدالقادر گەیلانی و/ عبدالرحمن محمد امين
٤٩	فیزیایی بەختەوەری	ن: سەعید نوبان و: ئەیاد فەهمی
٥٠	٤ شەقامی سەرکەوتن	ن: د. ئیهاب فکری و: مەحمود یاسین

٥١	دوکانی خۆکوژی	ن: ژان توولێ و: هەدیە عەلی
٥٢	ماچی یەکەم	ن: کەریم کاکە
٥٣	ڕووی نازەنینی خودا ماچ کە	ن: مستەفا مەستوور و: بێژەن تۆفیق
٥٤	دەرگاکانی میهرەبانی	ن: وەسیم یوسف و: کامەران عومەر
٥٥	موریدی حەزرەتی پەروانەم	زامدار قادری

مۆرێدی حەزرەتی پەروانەم

ڕۆژانە بە بەردەم ماڵی خەیاڵمدا پیاسە دەکەیت.
هەمیشە حەز دەکەم پێت بڵێم:
بوەستە ئازیز!
قسەیەکم بۆ گوتن هەیە.
نیگایەکم بۆ بینین هەیە.
کەچی دڵبەر.
نە تۆ -بێ فەرموو- دێیتە پێش؛
نە من شەرمی -فەرموو-م دەشکێ!

Cover Design: **Bassam Mahmoud** (@bassamart10)

هەولێر، بازاڕی ڕۆشنبیری، تەنیشت پارێزگا
+964 750 406 6674
Nawandi Raha ناوەندی ڕەها

1234567890